# راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی کومونیستی ئێران

کونگرەی نۆهـەمی حیـزبی کومونیسـتی ئێـران لـە رۆژانی 4 تـا 8ی گەلاوێژی 1386 بەرانبەر بە 26 تا 30ی جولای 2007 سـەرکەوتوانە بەرێوە چوو.
ئەم کونگرەیە بـە بەشـداری نوێـنەرانی تەشـکیلاتی دەرەوەی ولاتی حیـزبی کومونیسـتی ئێـران، نوێـنەرانی تەشـکیلاتی کۆمەڵـە، نوێنەرانی تەشکیلاتی نهێنی شارەکان، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک لە ئەنـدامان و دۆسـتانی حـزب کـە وەک چاوەدێر لـە کۆنگرەدا بەشدار بوون، هاوکات لە 2 شوێن بە کەلک وەرگـرتن لـە تۆری ئینتێرنێتی کە بەشداری راسـتە و خـۆی هـەموو هاورێـانی لـە باس و بریارەکان دا دابین دەکرد، بەرێوە چوو.
کـۆنگرە بـە سـرودی ئەنترناسێونال و دەقیقەیـەک بـێ دەنگی بـۆ رێزگرتن لە یاد و بیرەوەری گیان بەخت کردوانی رێگای ئازادی و سوسیالیزم، دەستی بە کار کرد و پاشان بـە پەسـند کـردنی ئیعتبـار نامـەی نوێـنەران و راگەیانـدنی بەشـداری نزیـک بـە هـەمووی نوێـنەرانی هەلبژێـردراوی بەشـە جـۆرا و جۆرەکـانی حیـزب رەسمیەتی خۆی راگەیاند و بەپەسەند کردنی ئائین نامەی نـاوخۆی کـونگرە، دیـاری کـردنی دەسـتووری جەلەسـەکان و هەلبـژاردنی هەیئەتی بەرێوەبەری کونگرە درێژەی بە کاری خۆی دا.
راپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ناوەنـدی حیـزب یەکێـک لـە دەستوور جەلەسەکانی کۆنگرە بوو کە بوو بە خالی سەرەکی قەسە

و باسەکانی کۆنگرە.
لەم راپۆرتە دا وێرای روون کردنەوەی بنەما عەینیەکانی گەشەی بزوتنەوەی سوسیالیستی لە ئاستی جیهانی دا و لێکدانەوەی هەل و مەرجی سیاسی ئەمرۆ، لە سەر دەرفەت و ئیمکاناتێک کە بۆ رەوتی سوسیالیستی لە قولایی بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی رزگاری ژنان و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی دیکە پێک هاتوون، پێداگری کرد.
بنەمای ستراتێژی حیزبی کۆمونیستی ئێران و ڕەوتێک کە تێیدا چینی کرێکار وەک چینێکی رێکخراو، نیزامی سەرمایەداری دەروخێنی و دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرێت و شێوەی کار و هەلسووڕانی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب بۆ بەرەو پێش چوون و کاریگەری زۆرتر لە کۆمەلگا دا لە سەر بنەمای ئەو ستراتێژە جارێکی دیکە درایە بەر باس و لێکۆلینەوە.
کۆنگرە کولیاتی راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی پەسند کرد و ئامادە کردنی ئەو راپۆرتەی بۆ بلاو کردنەوە، بە سەرنجدان بە قسەوباسەکانی کۆنگرەی بە کومیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی کۆنگرە سپارد.
کۆنگرە هەروەها بریار نامەیەکی لە ژێر ناوی بزووتنەوی خوێندکاری ئێران، ئاسۆ و ئەرکەکانی پەسند کرد کە تێیدا وێرای روون کردنەوەی هەل و مەرجی بزووتنەوەی خوێندکاری و تیشک خستنە سەر بنەماکانی ستراتێژی سۆسیالیستی لەو بزووتنەوەیە دا، لە سەر جەهەت گیری و ئەرکەکانی حزب لەو پەیوەندیە دا روون کردەوە.
کۆنگرە هەوەها بە مەبەستی باشتر بوون و ئیسلاحی شێوەی کار

له بۆاره جۆرا و جۆرەکانی هەلسوورانی حیزب دا چەند بریاری پەسند کرد.
دەقی راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی بە کۆنگره و بریارنامەکانی پەسند کراوی کونگره له زووترین کات دا بلاۆ دەکرێتەوه.
کۆنگره هەروەها ناردنی پەیامی بۆ بنەماڵەی گیان بەخت کردوانی ناو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها بۆ زیندانیانی سیاسی، به کومیتەی ناوەندی هەلبژێردراوی سپارد.
دوائین دەستور جەلەسەی کۆنگره، هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بوو که لەو بەشەدا کۆنگره له نێو ئەندامانی خۆی دا، 27 کەسی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران هەلبژارد که بریتین له هاورێان:
روناکی ئاشناگەر، شوکی ئەحمەدی، هەلمەتی ئەحمەدیان، نوسرەتی تەیمور زاده، تەلای جەمشیدی، بارزانی حەسەن پوور، حسەینی حەمیدی، شەمسی خۆررەمی، بەهرامی رەحمانی، رەشیدی رەزاقی، فەریدەی رەزایی، رەفیقی سەلیمی، فەرهادی شەعبانی، حەسەنی شەمسی، فەراسەتی ساڵحی، ئیبراهیمی عەلیزاده، مەحمودی قارەمانی، ئەختەری کەمانگەر، محەمەدی کەمالی، لوقمانی گەلەداری، سەلاحی مازوجی، جەلالی محەمەد نژاد، سەدیقەی محەمەدی، پویای محەمەدی، رەحمانی نەجات، سرووەی ناسری و بیهروزی ناسری.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
گەلاوێژی 1386

ئاگۆستی 2007